# گەنج و کوردایەتی ... بەهێز حوسێن

Bahez2005@yahoo. com



لە ئیفلاسی پرۆژەی سیاسی و نەبوونی گوتارێکی ستراتیژی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕوون لای حیزبە سیاسییەکان و کەمبوونەوەی پاساوەکانی حیزب بۆ سەرنەکەوتن لە یەکلایکردنەوەی پرسە ستراتیژییە نەتەوەیی و سیاسییەکاندا، گەنج کراوەتە نیشانە و تیری تۆمەتبارکردنی ئاراستە دەکرێت.
دەسەڵات پاساوی سەرنەکەوتنەکانی لە پرسە نیشتمانییەکانیدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە گەنجی ئەمڕۆ ئینتما و وەلائی بۆ نەتەوە و نیشتمان نەماوە و بەڵگەشیان بۆ ئەمە کۆچی لاوانە بۆ دەرەوەی هەرێم و دوورکەوتنەوەیانە لە ڕیزی پێشمەرگە و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەردەوامیانە بەرامبەر بە حکومەت و دەسەڵات..
بەڕای من ئەمە درۆیەکی گەورەیە کە گەنجی کورد ئینتمای بۆ نەتەوە و نیشتمان نەمابێت، وا هەستدەکەم کە گەنجی ئەمڕۆی کوردستان لە هەر کاتێك زیاتر و ڕاستگۆیانەتر نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێت و لە دڵیدا هەڵیگرتووە، بەڵام گەنج بە ئەدای سیاسی حیزب و نەبوونی پرۆژەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی ستراتیژی ناڕازییە کە خەمی ئەوەی لەلا دروستبووە لە غیابی ئەمانەدا نیشتمان و نەتەوە بدۆڕێنرێن!
من سەیرم لێدێت سەرکردەکانیش بە دەر لە هونەری وتاربێژی و ڕەوانبێژیش گومانی خۆیان بەرامبەر بە ئینتمای گەنج بۆ نیشتمان و نەتەوە بە ئاشکرا ڕادەگەیەنن! ئاخر هەر گەنج بو لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەردەم سندوقەکانی دەنگدانیان بەرنەئەدا و دەنگیان بۆ لیستی کورد دەدا چ لە ناوخۆ و چ لەدەرەوەی هەرێم ' هەر ئەوگەنجانەبوون کە لە نیشتمان هەڵکەنران و چونە هەندەران سەدان کیلۆمەتریان دەبڕی و دەستیان لەکاری خۆیان هەڵدەگرت تا دەنگ بەکورد بدەن و ئینتمایان بۆ نەتەوە و نیشتمان دووپات بکەنەوە، پاش سەرکەوتنی لیستی کوردستانیش هەر گەنجان بوون لەسەر شەقامەکانی هەولێر و دهۆك و کەرکوك و سلێمانی ئاهەنگی خۆشی و شادییان سازدەکرد.. بۆیە دەڵێم گەنج لە هەموو کەس زیاتر بەتەنگ نیشتمان و نەتەوەوەیە.
ئەو گەنجانەی لە مۆندیالی ئەمساڵی ئەڵمانیادا ئاڵای گەشی کوردستانیان بردە نێو یاریگاکانەوە، لای من هیچیان لەو سەرکردانە کەمتر نییە کە بە جلوبەرگی کوردییەوە وڵاتان گەڕان یان لە نەتەوەیەکگرتووەکان بە زمانی کوردی وتاریان خوێندۆتەوە.
گەنج لە نیشتمان توڕەنییە کە نیشمانی جێهێشتووە و ڕووی لە هەندەران کوردووە، بەڵکو ئەوان نەیانەوی ئەتککردنی ڕۆژانەی نیشتمان و سوکایەتی بەنەتەوە ڕۆژانە بە چاوی خۆیان ببینن، هەرچ گەنجی کورد هەیە لە ئەوروپا بە کچ و کوڕیانەوە ئەوەندە نەتەوویین کە باوەڕناکەم کەسێکیان هەبێت دەستێك جلی کوردی زیاتری نەبێت و لە شوقەکەیدا ئاڵای کوردستانی لە ژوور سەریەوە دانەنابێت، باشە ئەدی لەمە ئینتما بۆ نیشتمان و نەتەوە زیاتر؟

بۆیە تاوانبارکردنی گەنج بە نەبوونی ئینتمایان بۆ نیشتمان و نەتەوە جگە لە هەوڵێك بۆ پەراوێزخستی زیاتری گەنج و دووپاتکردنەوەی گومانبوون لە گەنجێتی گەنجی کورد شتێکی تر نییە و پێویستە سەرکردە و دەسەڵاتدارانی کورد باش بەوە بزانن کە گەنج ئەگەر لە بەر خاتری نیشتمان و نەتەوە نەبوایە لەم سەدەی بیستو یەکەدا بێکارەبایی و بێکاری و گرانی بازاڕ و کەمدەرامەتییان قبوڵ نەدەکرد، بۆ دەڵێم گەنجی کورد کوردایەتییەکی مۆدێرن دەکات و ئینتمابوونی خۆی بۆ نەتەوە و نیشتمان دوور لە شێوازە تەقلیدییە باوەکان پەیڕەودەکات و باوی ئەوەش بەسەرچوو موزایەدەی نیشتمانی بوون و نەتەوەپەرستی بەسەر گەنجدا بکرێت.